# کۆنگرەی جهانی

## (ژنان لە نیوان پیوانە یونیڤرسالیەکان وە کۆتوبەندە لۆکالیەکاندا)

سەرکەوتوانە بەریوەچوو.

لە رۆژەکانی 18 و 19 ی مانگی مارسی 2005 کۆنگرەی جهانی ژنان بە ئامادەبوونی دەیەها لیکۆلەرەوو هەلسووراو پسپوری مەسەلەکانی ژنان لە ولاتانی جۆراوجۆرەوە لە رۆژهەلاتی ناوەراست وە ولاتانی رۆژئاوا بەسترا. لەو دوو رۆژەدا لە بەربەپیزی وجۆراووجۆربوونی بابەتەکان وە زمانەکان، چ قسەکەران وە یان ئامادەبووان زۆر بە گەرمووگوریەوە بەشداریان لە گفتووگۆو قسەو باسەکاندا دەکرد. کۆنگرەکە بەشیوەیەکی ئیسپاتی وە زانستیانە وە لە ئاستیکی بەرزدا کیشەکانی ژنانی لە ولاتانی رۆژهەلات وە رۆژئاوا خستە بەرباس و لیکۆلینەوە وە ریگاچارەی مرۆڤانەو جهانی خستە بەردەم کۆنفرانسەکە کە لەدریژەی کارەکانی کۆنفرانسدا لە دوای ئەو دوو رۆژە کاریان لەسەر بکریت لە لایەن دەولەت، یاسا، UN وە ریکخراوەکانی ژنان و ماڤ مرۆڤەوە. جهانی بوونی مافەکانی ژنان بە بی لەبەرچاووگرتنی وابەستەیی قەومی، ئایینی وە فەرهەنگی، لە گۆشەو بۆچوونی جۆراووجۆرەوە خرایە بەرباس و لیکۆلینەوە وە بوە تیمای سەرەکی کۆنفرانسەکان لەو دوورۆژەدا. سەرەنجامی کونگرەکە وە قسەو باسەکانی:

<u>دەنگدان بە بریارنامەیەك</u> کە لەلایەن ریکخەرانی کۆنفرانسەوە ئامادەکرابوو سەبارەت بە باسەکانی کۆنگرە وە بەئەنجام گەیاندنی و ناردنی بۆ UN وە ماڤ مرۆڤ .

<u>**پیکهاتنی تۆری نیونەتەوەی**</u> بۆ بەسەرەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی کۆنگرەو بەرگری لەمافەکانی ژنان وە پشتیوانی لە بزووتنەوە رادیکالەکانی ژنان لە ولاتانی جۆراووجۆری جهاندا، دەسکەوتیکی مەزن بوو کە هەموو بەشداربووان جەختیان لەسەر کرد وەك یەکیك لەدەستکەوتەکانی کۆنگرە.

<u>دەنگ دان بە نامەیەکی پشتیوانی لەخۆپیشاندانەکانی قوتابیانی شاری بەسرە</u> وە ناردنی بۆ لایەنە پەیوەند دارەکان.

شایانی باسە کەنالەکانی راگەیاندن چەند رۆژ پیش کۆنگرە وە لەکاتی کۆنگرەشدا هەوالەکانی کۆنگرەی بلاوکردەوە، (ئافتون بلادیت) رۆژنامەی سەراسەری سوید، رادیۆی سەراسەری وە سەرەکی سوید P1 ، رادیوی پرتو سەراسەری روو بە ئیران، رادیۆ ژنان، زریبار، ئاشتی، هاوپشتی، بانگەواز، مالمۆ، جگە لەوە سایتە سویدی عەرەبی وە کوردیەکان.

## <u>رۆژی یەکەم:</u>

**گونگرە لە لایەن فریشتە وە بەهاوکاری نادیە مەحمەد وە هلالە رافع بەریوە برا.**



## ووتاری كردنەوەی كۆنگرە:




(هەلالە رافع) ریكخەری كۆنگرە، كۆنگرەكەی بە بەخیرهاتنی ئامادەبوان دەست پیكرد، وە سوپاسی لایەن و ریكخراوەكانی كرد بەبەشداری كردنیان لەكۆنگرەدا. وە لە ووتاری كردنەوەی كۆنگرەدا قسەوباسیكی كورتی سەبارەت بە ئامانجی كۆنگرە كرد: لە هەندیك لە وولاتانی جهان بەهۆی خەباتی سەرسەختانەی بزووتنەوە رادیكال و یەكسانیخوازەكانی، ژنان لە زۆریك لە مافەكانیان بەهرەمەندن، بەلام بەداخەوە تائیستاش لە زۆریك لە وولاتانی جهاندا ژنان قوربانی دەدەن بۆ بەدەستهینانی سەرەتاییترین وە سادەترین مافەكانیان. جا ئامانجی ئەم كۆنفرانسە یەكیكە لە وەسیلەكانی داسەپاندنی ئەو مافانە بەسەر دەولەتان وە رژیمەكاندا بە هاوكاری هەموو بزووتنەوە یەكسانیخوازەكان كە سەرەنجام باوەربوون بە ئازادی و یەكسانی بەیەكەوە كۆماندەكاتەوە. وە بەهرەمەند بوون لەو مافانە بەبی بەرەسمیەت ناسینی مافە جهانیەكان بۆ هەموو ژنان بەبی لەبەرچاووگرتنی پیشینەی قەومی، ئایینی وە فەرهەنگی مەحالە مەیسەر بیت. وە باسی تایبەتی ئەمرۆ باروودۆخی ژنانی عیراقە كە بەتایبەت لەم كۆنگرەیەشدا تەئكیدی لی دەكریتەوە، وە هەر بەو پییەی كە قسە لە جهانی بوونی مافەكانی ژنان دەكریت ، ژنانی عیراق لە ئەمرۆدا پیویستیەكی گەورەیان بە پشتیوانی بزووتنەوەی یەكسانخوازی جهان هەیە. بۆ بەدیهینانی ئامانجەكانی بزووتنەوەی یەكسانیخوازی لەسەراسەری جیهاندا وە ئەركەكانی كۆنگرەش پیشنیاری پیكهینانی شەبەكەی نیونەتەوەیی نوینەرانی بزووتنەوەكانی ژنان لە وولاتە جۆراوجۆرەكان كرا.

## پانیلی یەكەم:

سەرەتا (ماتس سیلیوانی) لەلایەن بەریوەبەرایەتی ئینتگراسیۆن وەك هاوكاری ریكخراوی ئازادی ژن وە كومیتەی دیفاع لەمافەكانی ژنان لەعیراق لە ریكخستنی كۆنگرەكەدا، بەخیرهاتنی ئامادەبوانی كرد وە خۆشحالی خۆی دەربری لەوەی كەكەسانیكی زۆر بەشداریان كردوە لە بابەتیكی وا گرنگدا وە هیوای سەركەوتنی بو كۆنگرە خواست.

### نوینەرانی بزووتنەوەی ژنان لە وولاتانی رۆژهەلات وە ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال.




(نادیە مەحمود) نوینەری دەرەوەی ریكخراوی ئازادی ژن لە عیراق، سەبارەت بە باروودۆخی سیاسی و ئابووری وە كۆمەلایەتی عیراق وە ژنان لەم بارووددۆخەدا پیشكەش بە ئامادەبوان كرد. بارووددۆخی ژنان لە شوینیكدا كە هەردوو سەركوت وە تیروریزمی ئیسلامی سیاسی وە ئەمریكا زالە لەكۆمەلگادا. وە بەراووردیك لە نیوان بارووددۆخی ژنان 20 سال لەمەو پیش لەگەل ئیستادا وە فاكتۆری ئەو گۆرانكارییانە بەشیكی قسەو باسەكانی بوو، وە لەكۆتاییدا ئەلتەرناتیڤی ریكخراووی ئازادی ژن وە بەرەی یەكسانی خواز بۆ گۆرینی ئەو بارووددۆخە خستە بەرباس و لیكۆلینەوە. پاشان دەورونەخشی ریكخراوو لە دامەزراندنی دەولەتیك لە عیراقدا كە دەستوریكی عیلمانی بەدوای خۆیدا بهینیت، وە جیای دین لە دەولەت وەك خواستی سەرەكی ریكخراوو قسەو باسی لەسەركرا، وە لە قسەكانیدا دووپاتی پشتیوانی بزووتنەوەی یەكسانی خوازی عیراقی كرد بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەركەكانی.

(لیلی لەنگری) لە ئەفغانستانەوە سەبارەت بە بارووددۆخی ژنان لە دوای تالەبان وە گرفتەکانیان، زەبرووزەنگ لەشیوەی جۆراووجۆر لەبەرامبەر ژناندا، وە چۆنیەتی کارکردنمان بۆ بەدەستهینانی بارووددۆخیکی باشتر بۆ ژنان لە ئەفغانستان، وە بەستنەوەی خەباتی ژنانی ئەفغانستان بە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە وولاتانی دنیا وە بەتایبەت وولاتانی ژیردەستی داگیرکاری ئەمریکا.



(نوال سەعداوی) نوسەر وە هەلسوراوی ناسراوو، سەبارەت بە بارووددۆخی ژنان لەمسر وە، خەبات و کۆلنەدانی ئەو بۆ گۆرینی ئەو بارووددۆخە، وە چۆنیەتی یەکگرتن وە هاوکاری بزووتنەوەی رادیکال و پیشکەوتنخواز لەسەراسەری جهاندا بۆ چاککردنی بارووددۆخی ژنان وە بەرەسمیەت ناسینی مافە جهانی و ئینسانیەکانیان قسەو باسی کرد. دەوری داگیرکاری ئەمریکا وە ئیسلامی سیاسی بەسەر ژیانی کۆمەلانی خەلك بەگشتی وە ژنان بە تایبەتی ئەوەش لە وولاتانی رۆژهەلات وە بە تایبەت لە ئیستادا ژنانی عیراقی خستەروو. وە پیداویستی داواکاری کۆنگرەی دووپاتکردەوە کە پیکهینانی ئەو شەبەکەیەکە لە هەلسوراوان وە نوینەرانی بزووتنەوی یەکسانیخوازی ژنان بۆ بەرگری لەمافەکانیان.

(ئەعزەم کەم گویان) هەلسوراو وە نوسەری مەیدانی ژنان وە ئایین و یاسا، سەبارەت بەبارووددۆخی ژنان لە ئیران، دەوری جمهوری ئیسلامی لە بارووددۆخەدا، وە هاوخەباتی هاوسەنگەری بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ئیران لەگەل وولاتانی دنیا وەبەتایبەت لە ئەمرۆدا لەگەل ژنان لە عیراقدا. وە دوپاتکردنەوەی پیکهینانی تۆری نوینەرایەتی سەراسەری.

(هیلینا مولاندەر) نوینەری ئەمنستی، سەبارەت بە دەورونەخشی ئەمنستی لەم بارووددۆخە مەینەتبارەی ژناندا لە زۆریك لە وولاتانی جهان وە ئەو ئامارانەی کەلەبەردەستیاندایە، وە بە تایبەت لە ئیستادا کەمپینیکیان لە دژی زەبرووزەنگ لەبەرامبەر ژناندا خستوەتە گەر. وە قسەی لەسەر ئامادەیی ئەمنستی کرد بۆ هاوکاری ریکخراوو لایەنە پیشکەوتنخوازەکان بۆ گۆرینی ئەو بارووددۆخە. وە لەهەمانکاتدا گرنگی ئەو تۆری نوینەرایەتیەی کە گۆنگرە قسەی لەسەرکردوە.

(شەریف حەتاتە) هەلسوراووی بزووتنەوەی مافیمرۆڤ لە مسر، سەبارەت بە گرنگی گۆنگرەکە کە هەنگاویکە لە راستای داسەپاندنی مافە جهانیەکانی ژناندا، وە هاوکاری زیاتری بزووتنەوە رادیکال وە یەکسانیخوازکان لەسەراسەری جهاندا.

وە لەکۆتاییدا بە پرسیار وە گفتوگۆ کۆتای بەو برگەیە هات.

## پانیلی دوەم:

(لەیلا قەرایی وە هانا لارشون) نیشاندانی فیلمیك لە ژیر ناوونیشانی (بەرەو رزگاری) سەبارەت بە بارووددۆخی ژنان بوو لە ئەفغانستان. رووداوەکانی فیلمەکە قسەو باسی ژنان بوو سەبارەت بە زەبرووزەگ وە فرەژنە لە بەرامبەر ژناندا، جگە لەوە سەبارەت بە نەبوونی ئەمنیەت بۆ ژنان لە هەموو مەیدانەکاندا.

## قسەکەرەکان:

نوینەرانی دامو دەزگا دەولەتیەکان وە ریکخراوەکانی ژنان لە وولاتانی ئەورووپا. بۆ خستنە رووی کیشەی ژنانی خارجی دانیشتوی ئەورووپا لە لایەن ریکخراوەکانی ژنانەوە، وە رووبەروبونەوەی دامودەزگا دەولەتیەکان وە لایەن پەیوەندی دارەکان بەم مەسەلەیەوە.




(ئولّلا هۆفمان) نوینەری حیزبی چەپ لە پەرلەمان وە هەلسوراوی ژنان، سەبارەت بە بارووذۆخی ژنانی سوید وە ژنانی لەدایکبووی دەرەوەی سوید کرد، وە دەوری دەولەت و یاسا لەو بارودۆخەدا کە لە قسەکانیدا ئەوە هات کە بۆچوونی جیاواز سەبارەت بەو با بارودۆخە هەیە وە دەولەت لەبەرامبەر بارودۆخی ژناندا کەمتەرخەم بوە، بەلام من لەگەل بۆچونەکانی ئەم کۆنگرەیەدا هەم وە دروستکردنی ئەو تۆرە کاریکی باشە لەو راستایەدا.

(ماریاپیلار) نوینەری پاریزگای ستوکهولم خۆشحالی خۆی لە ئامادەبونی لەکۆنگرەدا دەربری وە کۆنگرەی بەهەنگاویکی سەرکەوتوانە لەراستای ئامانجەکانیدا هەلسەنگاند. وە لایەنگری خۆی لە بابەت وە بریاروو بریارنامەکاندا دەربری. چونیەتی کارکردنی ئەوان سەبارەت بە کچان وە ژنانی پەناهەندە بەشیکی تری باسەکەی بوو.

(هلالە رافع) سەبارەت بە بارودۆخی ژنانی پەنابەر لە ئەوروپاکە لە وولاتانیکەوە هاتوون کە یاسا بەپیی شەریعەتی ئیسلام داریژراوە بەتایبەت لە سوید، ژنان لە ژیر دەسەلاتە ئیسلامیەکاندا بەهۆی دین، یاسای دژی ژن، وە فەرهەنگی پیاوسالاریەوە دەچەوسینەوە تا رادەی کوشتن، وە هەمان ئەو ژنانە لە ئەوروپاشدا هەمان چەوسانەوەیان لەسەرە بەلام ئەم جارەیان بە بیانووی تر ئەویش ریزدانان بۆ ئایین وە فەرهەنگە جیاوازەکان. هۆکاری ئەم بارودۆخە لە ئەوروپا چییە؟ لەلایەك خودی خیزانەکان کە هەلگری بیرووبۆچوونەکەن، وە لەلایەکی تر دەولەت وە کۆمەلگای ئەوروپا، پاشان چ کاریك بکری؟ ریکخراوەکانی ژنان لەم نیوەدا رۆلیکی بەرچاویان بینیوە وە دەبیت دەولەت گرنگی زیاتر بدات بەهەلسورانی ریکخراوە رادیکالەکان، پاشان گرنگی دانی خودی دەولەت بەناوچە پەناهەندە نشینەکان چ لەباری ئابووری یان سیاسی وەیان کۆمەلایەتی.

(مریەم ئەفراسیاب پوور) لیپرسراوی کەمپینی دیفاع لە ژنان لە ئیران وە مەسئولی پرۆژەی (کچانی ئەرترون) لە شاری ڤیستروس. سەرەتا بە شیوەیەکی گشتی سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە سوید پاشان مریەم سەبارەت بە کچانی پەنابەر وە ئاماری ئەو کیشەو گرفتانەی کە تووشیان بوە دوا، پاشان ئامانجی پرۆژەکەیان وە شیوەی کارکردنیان تیایدابۆ ژاککردنی بارودۆخی کچان لەو شارەدا.

(ریگا روف) هەلسوراووی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە عیراق و کوردستان لەدوای داسەپاندنی شەروو بالادەست بوونی ئیسلامی سیاسی بەتایبەت لە ناوەراست و خوارووی عیراقدا، وە چۆنیەتی کارکردنی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی دنیا بۆ پشتیوانی کردنی ژنان وە بزووتنەوەکەیان لە عیراق، وە وەلانانی یاساوو دەستوری ئیستا وە دامەزراندنی یاسایەکی عیلمانی وە جیایی دین لەدەولەت، کە تەنها لەم ریگایەوە ژنان لە عیراقدا ئەتوانن بەرەو یەکسانی هەمەلایەنە هەنگاوو بنین.

( بەهار مونزر) نوینەری ریکخراووی ئازادی ژن لە نەرویج سەبارەت بە بەشوودانی زۆرەملیی کچان لە نیوان خیزانە پەناهەندەکانی نەروویج دوا. بەهار سەبارەت بەوکیشەیەو سەرەنجامەکانی پاشان چۆنیەتی ناردنەوەی کچان بۆ وولاتانی خۆیان وە بەشودانیان لەوی، وە ئەو ئامارانەی کە لەلایەن ریکخراوەکانەوە سەبارەت بەم کیشەیە هەیە خستیە روو. چۆنیەتی کارکردنی ئەم ریکخراوە لە نەرووێج لەراستای چارەسەرکردنی ئەم گرفتەو وە ئەو ریگریانەی کەلەبەردەمیاندایە بەشیکی تری قسەو باسەکانی بوو. دەوری دەولەت وە دامودەزگاکانی لەم مەیدانەدا چییە ؟ قسەی لەسەر کرد.

(سارا محەمەد) سەبارەت بە ریکخراووی هەرگیز پیلا و فادیمە لەیاد نەکەن دوا، وە چۆنیەتی کارکردنیان بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانی ژنان،وە دەورونەخشی دەولەت لەو مەیدانەدا وە ئاستی هاوکاری کردنیان لەگەل ریکخراوەکانی ژناندا برگەیەکی تری قسەوباسەکانی بوو. گرفتی ریگری ریکخراوەکان لە بەرەو پیشبردنی کارەکانیاندا بابەتیکی تری باسەکەی بوو.

ئەم برگەیەش بە پرسیارو گفتووگۆ لەگەل پانیلیستەکاندا کۆتای پیهات.

## دوایین برگەی رۆژی یەکەم:




( هەلالە رافع) لە کۆتاییدا قسەو باسیکی کورتی سەبارەت بە بابەتەکانی ئەو رۆژە وە نەتیجەگیریەکان کردەوە، وە بریارنامەکانی خستەبەرباس و لیکۆلینەوە، وە سەرەنجام دنگیان پیدرا وە لە هەمانکاتدا پیداویستی دەسبەکاربوونی خیرای تۆری نوینەرایەتی بزووتنەوەکانی ژنان لە وولاتە جۆراوجۆرەکاندا خستەروو، کە لە ئاییندەیەکی نزیکدا ئیعلان دەکریت.

لە کۆتاییدا سوپاسو دەستخۆشانەی بەریوەبەری کۆنگرە




بۆکۆمیتەی بەریوەبەری کۆنفرانس وە دابەشکردنی گول بەسەریاندا کە پیکهاتبوون لە ( نازەنین سالح، شۆخان قادر، سۆزان ئەمین، نەوال محمود، ریگا رئوف، بەیان ناسح، شیرین احمد، رینوار جەبار، سیروان بالانی، کوردۆ دەرویش وە جەمال ئەیوب).

## رۆژی دووەمی کۆنگرە

رۆژی دووەمی کۆنگرە بە زمانەکانی عەرەبی کوردی وە فارسی بوو، هەروەك روژی یەکەم بەشداربووان وە ئامادەبوانی کۆنفرانسەکە بەگەرمووگوریەوە بەشداریان لە گفتووگۆوو قسەوباسەکان دەکرت.

**پانیلی یەکەم:** سەبارەت بە باروودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی وئابووری عیراق وە ژنان لەو هەلومەرجەدا.




(هەلالە رافع) سەرەتا بەخیرهاتنی ئامادەبووانی کرد وە سەبارەت بە ناوەرۆکی کۆنفرانس وە ئامانجەکەی دوا. وە سەبارەت بەو سەرەنجامانەی کەلە رۆژی یەکەمدا بەدەستهات وە بریارنامەکان قسەوباسیکی کرد. پاشان لەویشدا بریارنامەکان قبول کران وە خرانە بەرباس و لیکۆلینەوە.




(نادیه محمود) باسەکەی سەبارەت بە بارووددۆخی عیراق لەمرۆدا وە ژنان لە سایەی نەبوونی ئەمنیەت و ئازادی وەك یەکیك لەئاکامەکانی داسەپاندنی شەر بەسەر کۆمەلانی خەلکدا وە دەرگا ئاوەلاکردن بۆ ئیسلامی سیاسی. باروودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری ناهەمواری کۆمەلگا بەگشتی وە ژنان بەتایبەتی. پاشان دیاری دەستی حکومەتی کاتی بۆژنان وە دواتر پاش هەلبژاردن ژنان بەرەو رووی چ وەزعیك بونەتەوە. لە ئیستادا ئەرکی بزووتنەوەی پیشکەوتنخواز وە مەدەنی لەم هاوکیشەیەدا، وە کارکردنیان بۆ داسەپاندنی دەستوریکی مەدەنی لە عیراقدا، وە جیایی دین لەدەولەت. کۆنگرەی ئازادی عیراق وە ئامانجەکانی بەشیکی تری قسەو باسەکانی بوو.

وەبرگەی کۆتای پانیلی یەکەم بە پرسیاروو سەرج وە گفتووگۆ لەلایەن ئامادەبووانەوە کۆتایی پیهات.

## پانیلی دووەم:

قسەوباسەکانی بەشی دووەم لە چەند بابەتیکی جیاواز پیکهاتبوو:




(ئالافەرەج) سەرنوسەری یەکسانی وە نوینەری ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق_ فنلندا.ناونیشانی باسەکەی سەبارەت بە (چۆنیەتی گەرانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەلگای عیراق) وە دیاردەو نیشانەکانی مەدەنیەت لە میژووی دیاردە کۆمەلایەتیەکان لەعیراقدا بە پیی لیکدانەوەیەکی زانستیانە. چۆنیەتی کارکردی شەروو نائەمنی لە نەهیشتنی ئاسەواری مەدەنیەت لە کۆمەلگادا. وە لەهەمانکاتدا کۆلنەدانی کۆمەلانی خەلك وە بزووتنەوەی پیشکەوتنخواز بۆ گەرانەوەی کۆمەلگایەکی شایستەی ئینسان لەم سەردەمەدا. سەبارەت بە پرۆسەی گۆرانکاری یاساکانی ئەحوال شخسی وەدەروونەخشی بزووتنەوەو هەلسوراوانی ژنان تیایدا. لە کۆمەلگایەکی لەم چەشنەدا باروودۆخی ژنان وە دەورو نەخشیان لە گۆرانکاریەکاندا.

(سوسن سلیم) لیپرسراوی کەمپینی نیونەتەوەی دژی زەبرووزەنگ لە بەریتانیا. ناوونیشانی باسەکەی (کوشتنی ناموسی و هۆکاروو چارەسەری). لەم باسەدا چەند نموونەیەکی زیندوو لە کوشتنی ناموسی چ لە کوردستان یان لە دەرەوەی وولات خرایە روو، وە سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەو کوشتنانە وە دەوری دەسەلاتداران ، یاساکان و ئایین لەم دیاردەیەدا خرایە بەرباس و لیکۆلینەوە. سوسن ئاماریکی خستە بەردەم کۆنگرە کە کوشتنی 9000 ژنە لە 10 سالی دواییدا لە عیراق. پاشان سەبارەت بە ریگا چارەی ئەم دیاردەیە لەکوردستان جگەلە هوشیارکردنەوەی کۆمەلگا وا

ناساندنی مافەکانی ژنان لەهەموو بوارەکاندا، چارەسەری سەرەکی دامەزراندنی حکومەتیکی غەیرە قەومی و غەیرە دینییە لە کوردستان کە جیایی دین لە دەولەت بسەلمینی.

(بەهار مونزر) هەلسوراوی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان لە نەرویج . بابەتی باسەکەی (بەشودانی زۆرەملیی کچان لە ئەوروپا) لە باسەکەیدا قسەی لەسەر ئەوە کرد کە پاکستانیەکان لە نەرویج یەکەم ملییەتن کە ریژەی بەزۆر بەشودانی کچان تیایاندا زۆرە پاشان لە ناوو کورددا، ئەمە بە پیی ئاماری ریکخراوە رەسمیەکانی نەرویج. کاری ریکخراوەکان بەرامبەر بەم دیاردەیە وە رادەی بەتەنگەوەبوونی دەولەت بەشیکی تری باسەکانی بوو.




(مهرنوش موسەوی) لیپرسراوی ریکخراوی رەهای ژن لە ئیران. سەبارەت بە بارودۆخی ژنان بە گشتی وە دەرونەخشی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی دنیاو هاوپشتی وهاوکاری بزووتنەوەکان لە وولاتە جیاوازەکاندا بابەتی باسەکانی بوو. پاشان دەوورونەخشی ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق وە هاوکارییان لەگەل ریکخراوی رەهایی ژن لە بەرەو پیشچونی بارودۆخی ژنان لە عیراق. پاشان سەبارەت بە تۆری نوینەرایەتی ژنان قسەو باسی کرد.







ئەم گۆشەیەش بە بەشداربوونی گەرموگوری ئامادەبواندا بە پرسیاروگفتووگۆ کۆتایی پیهات.

**هەلالە رافع**

**بەریوەبەری کۆنگرە**

ریکخراوی ئازادی ژنله عیراق
کۆمیتەی دیفاع له ژنان لەعیراقدا
0046739084190
halala_rafii@yahoo.com